ئاسایشی ئێران: هیچ هێرشێکی مووشەکی لە تاران و هیچ شارێکی دیکەی وڵاتەکە ڕووینەداوە

ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانیی ئێران ڕایگەیاند، هیچ هێرشێکی مووشەکی لە تاران و هیچ شارێکی دیکەی وڵاتەکە ڕووینەداوە و ئەو هەواڵە ڕەتدەکاتەوە.

بەرەبەیانی ئەمڕۆ هەینی (19ـی نیسانی 2024)، دەنگی چەند تەقینەوەیەك لە تاران و ئەسفەهان بیستران، ئەمەش کە ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانیی ئێران ڕەتی کردەوە.

ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانیی ئێران ڕایگەیاند: "هیچ هێرشێکی درۆنی و مووشەکی لە ئێران نەبووە و هەموو دەنگەکان دوورن لە ڕاستییەوە".

بەپێی زانیارییەکان، کاتژمێر چواری بەرەبەیانی ئەمڕۆ، سێ درۆن لە ئاسمانی ئەسفەهانە بینراون و سیستەمی دژە مووشەك هەر سێ درۆنەکەی خستووەتە خوارەوە